


# کچانی ئارارات و سۆران گەیشتنە قۆناغی کۆتایی

هەفتەی رابردوو لە هۆڵی داخراوی یانەی ئارارات، پاڵەوانێتی خولی پلە یەکەکانی پارێزگای شاری هەولێر بۆ تۆپی بالە لەسەر ئاستی کچان بەڕێوەچوو، کە تیاییدا لەم پاڵەوانێتییە هەر سێ یانەی (ئارارات، سۆران، فەتاتی هەولێر) بەشدارییان تیاییدا کرد دوای ئەوەی وا بڕیارە بوو یانەی هێرش بەشداری بکات، بەڵام لە دوا ساتەکان ئەم یانەیە کشایەوە.

دوای رکابەرییەکی بەهێز هەردوو یانەی ئارارات و سۆران توانیان خۆیان بگەینە قۆناغی کۆتایی پاڵەوانێتی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی بالە، کە وا بڕیارە لەم نزیکانە ئەم پاڵەوانێتییە بەڕێوە بچێت بە بەشداریکردنی هەشت یانە، لە هەر پارێزگایەکی کوردستان دوو یانە بەشداری تیاییدا دەکات بۆ دەستنیشان کردنی دوو یانە، کە سەردەکەون بۆ خولی پلە نایابەکانی کوردستان.

## بەچکەشێرانی (هەولێر أ) بوون بە پاڵەوانی یانەکانی شاری هەولێر

هەفتەی رابردوو لە یاریگەی شەهیدان لە شاری هەولێر پاڵەوانێتی بەچکەشێرانی یانەکانی شاری هەولێر بۆ تۆپی پێ کۆتایی هات، کاتێك هەردوو تیپی (هەولێر أ) و ناوەندی وەرزش و لاوان-ی هەولێر رووبەرووی یەکتر بوونەوە، لە یارییەکی بەهێزدا کاتی ئاسایی یارییەکە بە ئەنجامی گۆڵێك یەکسانبوون لە لێدانی سزای یەکلاکەرەوە یا نە ی (هەولێر أ) توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٤-٢) گۆڵ بباتەوە و ببێتە پاڵەوانی خولەکە.

جێگەی باسە ئەم پاڵەوانێتیە لە لایەن یەکێتی تۆپی پێی لقی هەولێر کرایەوە و هەریەکە لە یانەکانی (هەولێر أ، هەولێر ب، ناوەندی وەرزش و لاوانی هەولێر، جیهان، پێشمەرگەی هەولێر، هەندرێن) بەشدارییان تیاییدا کرد.





# لاوانی هەڵبژاردەی سلێمانی بوون بە پاڵەوانی هەڵبژاردەکانی پارێزگاکانی کوردستان

هەفتەی رابردوو لە شـــاری سـلێمانی یاری کۆتایی پاڵەوانێتی هەڵبژاردەی لاوانی پارێزگاکانی کوردســـتان ئەنجامدرا، کە تیاییدا هەردوو هەڵبژاردەی هەولێر و سـلێمانی رووبەڕووی یەکتر بوونەوە، دوای یارییەکـی بەهێز لە نێوان هەردوو هەڵبژاردە کاتی یاســایی بە ئەنجامـی گۆڵێك بۆ هەردوو هەڵبژاردە تـەواو بوو، لە لێدانی یەکلاکەرەوەی سزادا هەڵبژاردەی لاوانی سلێمانی توانی یارییەکە لە بەرژەوەندی خۆی تەواو بـکات، بە ئەنجامی (٤-٣)گۆڵ و ببێتە پاڵەوانی پارێزگاکانی کوردستان لەسەر ئاستی لاوان.

جێگەی باســە ئـەم پاڵەوانێتییە لە لایەن یەکێتـی تۆپی پێی کوردســـتان ئەنجامدرا و هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی هەولێر و دهۆك و کەرکووك و سـلێمانی بەشدارییان تیاییدا کرد و پاڵەوانێتییەکە بە سیستەمی دەرچوون بە دوو دۆڕان ئەنجامدرا.

## هێرش بووە پاڵەوانی کاراتێی یانەکانی هەولێر

لە هۆڵی ئەکادیمی کاراتێی شــاری هەولێـر، یەکێتی کاراتێی لقی هەولێر بە بەشـداری هەریەك لـە یانەکانی (هێرش، ئارارات، قەڵای تورکمان، پێشمەرگەی هەولێر) پاڵەوانێتی کاراتێی یانەکانی شاری هەولێر بۆ ماوەی یەك رۆژ بەڕێوەچوو، پاڵەوانێتییەکە لەسەر ئاستی بەچکەشێران و تازەپێگەیشتووان و لاوان بوو، لەم پاڵەوانێتییە یانەی هێـرش توانی نازناوی پاڵەوانێتییەکە بۆ خۆی مسـۆگەر بکات، مەریوان بەکر راهێنەری کاراتێی یانەی هێرش لە لێدوانێکیدا گوتی: پاڵەوانێتێکی بەهێز بوو، یاریزانانی بەشـداربوو ئاسـتێکی بەرزیان پێشکەش کرد، بە هیوای ئەوەین بتوانن پاڵەوانێتی زیاترمان بۆ ئەئجام بدەن، سوپاسـی یاریزانەکانم دەکەم کە ئاسـتی بەرزیان پێشکەش کرد.

ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتییەکە بەمشێوەیە بوو.

١-یانەی هێرش ١٢٣خاڵ، ٢-یانەی ئارارات ١٠٨خاڵ، ٣-یانەی قەڵای تورکمان ٧٤خاڵ.



# ئافرەتانی ژاپۆن پاڵەوانی مۆندیالن



لــە یاریــگای کۆمەرزینــك ئەرینــا لە شــاری فرانکفۆرت لە وڵاتی ئەڵمانیا یارییەکانی شەشەمین مۆندیالی ئافرەتان لە یاری تۆپی پێ کۆتایی هات و هەڵبــژاردەی ئافرەتانی ژاپــۆن بۆ یەکەمجار لە مێژوویدا نازناوەکەی بەدەســت هێنا، دوای ئەوەی لە یاری کۆتایی بە لێدانی یەکلاکەرەوەی ســزا لە هەڵبژاردەی ئەمریکای بردەوە. کاتی یاسایی و زیاد کراوی یارییەکە بە دوو گۆڵ بۆ هەر لایەك کۆتایی هات، گۆڵەکانی ئەمەریکا کچە یاریزانان (مۆرگان و ئابی وامباخ) لە خولەکەکانی ٦٩ و ١٠٤ تۆماریان کرد و گۆڵەکانی ژاپۆن کچە یاریزانان (ئایا مەیاما و هۆماری ســاوا) لــە خولەکەکانی ٨١ و ١١٧ تۆماریان کرد، لە لێدانی یەکلاکەرەوە ئافرەتانی ژاپۆن توانیان ســێ گۆڵیان تۆمار کرد لەو کاتەی ئافرەتانی ئەمەریکا تەنها یەك گۆڵیان تۆمار کــرد و ژاپۆن بووە پاڵەوانــی مۆندیالــی ٢٠١١، لەلایەکــی دیکــەوە هەڵبژاردەی ئافرەتانی سوید پلەی سێیەمیان بەدەست هێنا دوای ئەوەی لە یاری پلەی ســێیەم و چوارەم بە دوو گــۆڵ بەرامبەر گۆڵێك لــە هەڵبژاردەی ئافرەتانــی فەرەنســای بردەوە.

خەڵاتەکانی مۆندیالی ٢٠١١ لە کۆتایی یارییەکە لە لایەن جۆزێف ســیپ بلاتەر سەرۆکی فیفا دابەشکرا کە بریتیبوون لەم خەڵاتانە:

* خەڵاتی یەکەم بۆ هەڵبژاردەی ژاپۆن و خەڵاتی دووەم بۆ هەڵبژاردەی ئەمەریکا و خەڵاتی سێیەم بۆ هەڵبژاردەی سوید و خەڵاتی چوارەم بۆ هەڵبژاردەی فەرەنسا.

* خەڵاتی باشــترین کچە یاریزان: هوماری ساوا لــە ژاپۆن خەڵاتی تۆپی زێڕیــن، ئابی وامباخ لە ئەمەریــکا خەڵاتی تۆپی زیوین، هوپ ســۆلۆ لە ئەمەریکا خەڵاتی تۆپی برۆنز.

* خەڵاتی گۆڵکەر: هوماری ساوا لە ژاپۆن خەڵاتی لاپچینــی زێڕین بە تۆمارکردنی ٥ گۆڵ، مارتا لە بەرازیل خەڵاتی لاپچینی زیوین بە تۆمارکردنی ٤ گۆڵ، ئابی وامباخ لە ئەمەریکا خەڵاتی لاپچینی برۆنز بە تۆمارکردنی ٤ گۆڵ.

* خەڵاتی باشــترین گۆڵچی : هوپ ســۆلۆ لە ئەمەریکا خەڵاتی دەستکێشی زێڕینی وەرگرت.

* خەڵاتی یاری پاك : هەڵبژاردەی ژاپۆن.

* خەڵاتی باشترین کچە یاریزانی لاو: کاتلین فۆرد لە ئوستورالیا.

شــایانی باســە یارییەکانی مۆندیالی ئافرەتان لە ساڵی ١٩٩١ دەســتی پێکردووە و ئەمەریکا یەکەم نازناوی بەدەست هێنا و لە ساڵی ١٩٩٥هەڵبژاردەی نەرویژ نازناوەکەی بەدەســت هێنا و لە ساڵی ١٩٩٩ جارێکی دیکە ئەمەریکا بووە پاڵەوان و لە ســاڵانی ٢٠٠٣ و ٢٠٠٧ ئافرەتانی ئەڵمانیا جامەکەیان بەرز کردەوە .

مۆندیالــی ٢٠١٥ ی ئافرەتان لــە وڵاتی کەنەدا ئەنجام دەدرێت و بــۆ یەکەمجار ژمارەی هەڵبژاردە بەشداربووەکان بۆ ٢٤ هەڵبژاردە بەرز دەبێتەوە.



## ئۆباما پێشوازی لە میسی دەکات




راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانی وڵاتی ئیسپانیا رایانگەیاند یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئەرژەنتین لیۆنیل میسی لە رۆژانی داهاتوو سەردانی شاری واشنتۆن دەکات، نەك بۆ یاریکردن بەڵکو بۆ کۆبونەوە لەگەڵ سەرۆکی ئەمریکا باراك ئۆباما کە یەکێکە لە هاندەرانی یاریزانی ناوبراو، میسی کە لە قۆناغی هەشتەمەوە ماڵئاوایی کرد لە کوپا ئەمریکا لەگەڵ هەڵبژاردەی تانگۆ چەند رۆژێکی زیاتری لە پێشە بۆ پشوو وەرگرتن، ئەم هەلەش دەقۆزێتەوە بۆ سەردانی کۆشکی سپی لە واشنتۆن و کۆبوونەوە لەگەڵ باراك ئۆباما، کۆشکی سپی ماوەی چەند مانگێکە هەوڵی سازدانی ئەم دانیشتنە دەدات و یانەی بەرشلۆنە رەزامەندی خۆی لەسەر ئەم داوەتنامەیە نیشانداوە.

شایانی باسە پێش چەند هەفتەیەك سەرۆك ئۆباما لە کاتی پێشوازیکردنی لە تیپی کۆلۆرادۆ پاڵەوانی خولی ئەمریکا سەرسامی خۆی بە یاریزان میسی دەربری لە کاتی پێشکەشکردنی درێسی ژمارە ١٠ و گوتی من ئێستا وەك یاریزان میسیم.

## پاڵێوراوانی خەڵاتی قاچی زێڕین ئاشکراکران

دەستەی رێکخەرانی خەڵاتی قاچی زێڕین ناوی ١٠ یاریزانیان ئاشکرا کرد کە پاڵێوراون بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە لە ساڵی ٢٠١١، ئەم خەڵاتەش دەدرێتە ئەو یاریزانەی تەمەنیان لە ٢٩ ساڵ زیاترە و لە ماوەی وەرزی رابردوو ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە، هەروەها ئەم خەڵاتە بۆ یەکجار دەدرێتە یاریزانەکە و ناتوانێت بۆ جاری دووەم وەربگیرێتەوە، ئەمەش ناوی ١٠ یاریزانە کە یەکێکیان خەڵاتی قاچی زێڕینی ٢٠١١ وەردەگرێت:

١- دێڤید بێکهام . یانەی لۆس ئەنجلۆس گەلاکسی ئەمەریکی

٢- زاڤی هێرناندیز. یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی

٣- کارلیس پیوڵ. یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانی

٤- ئیکەر کاسیاس. یانەی ریال مەدریدی ئیسپانی

٥- ساموێل ئیتۆ. یانەی ئینتەر میلانی ئیتالی

٦- خاڤێر زانیتی. یانەی ئینتەر میلانی ئیتالی

٧- جیان لویجی بۆفۆن. یانەی یوڤانتسی ئیتالی

٨- دیدی درۆگبا..یانەی چێلسی ئینگلیزی

٩- رائول گۆنزالیس. یانەی شالکەی ئەڵمانی

١٠- رایان گیگز. یانەی مانچستەر یونایتدی ئینگلیزی

جێگای ئاماژە پێکردنە ئەم خەڵاتە لە ساڵی ٢٠٠٣ وە کاری پێدەکرێت و تا ئێستا هەریەك لە یاریزانان رۆبەرتۆ باجیۆی ئیتالی لە ساڵی ٢٠٠٣ و پاڤیل نێدڤیدی چیکی لە ساڵی ٢٠٠٤ و ئەندرێ چیفچینکۆی ئۆکرانی لە ساڵی ٢٠٠٥ و رۆنالدۆی بەرازیلی لە ساڵی ٢٠٠٦ و ئەلیساندرۆ دیل پییرۆی ئیتالی لە ساڵی ٢٠٠٧ و رۆبەرتۆ کارلۆسی بەرازیلی لە ساڵی ٢٠٠٨ و رۆنالدینهۆی بەرازیلی لە ساڵی ٢٠٠٩ و فرانچیسکۆ تۆتی ئیتالی لە ساڵی ٢٠١٠ ئە خەڵاتەیان بە دەست هێناوە.




ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

## ئەكاد نازناوی بادمنتۆنی كوردستانی بردەوە




بەسەرپەرشتی یەكێتی ناوەندی بادمنتۆنی كوردستان و بە هاوكاری لقی هەولێری یەكێتییەكە لە هۆڵی داخراوی یانەی ئەكاد لە شارۆچكەی عەنكاوە بە بەشداری ٧٠ یاریزان لە ٢٢ یانە،پاڵەوانێتی بادمنتۆنی یانەكانی كوردستان بۆ ئاستی كوڕان بەڕێوەچوو، پاڵەوانێتییەكە ماوەی دوو رۆژی خایاند، لەم پاڵەوانێتییە هیچ یانەیەكی شارەكانی سلێمانی و دهۆك بەشدارییان نەكرد، تەنیا یانەكانی شاری هەولێر و كەركوك بەشداربوون.

**ئەنجامی كۆتایش بەمشێوەیە بوو.**

١-یانەی ئەكاد، ٢-یانەی سۆلاڤی نوی، ٣-غازی شیمال، ٣-عومال.

## یانەی شۆڕش لە بۆكسێن بوون بە پاڵەوانی كوردستان



بە سەرپەرشتی یەكێتی ناوەندی مشتەكۆڵەی كوردستان و بە هاوكاری لقی كەركووكی یەكێتییەكە لە هۆڵی یانەی شۆڕش بە بەشداری زیاتر لە ٥٠ یاریزان، كە نوێنەرایەتی هەشت یانەیان دەكرد، پاڵەوانێتی مشتەكۆڵەی تازەپێگەیشتووانی یانەكانی كوردستان بەڕێوەچوو و ماوەی دوو رۆژ ـــی خایاند.

زەید مەحمود سەرۆكی یەكێتی مشتە كۆڵەی كوردستان لە لێدوانێكیدا وتی: ئەم پاڵەوانێتییە وەكو پرۆگرامی ساڵانەی خۆمان ئەنجاماندا، بۆ یانە تازەپێگەیشتووەكان، كە یاریزانەكان لە تەمەنی ١٥ بۆ ١٦ ساڵ، ئاستی یاریزانەكان باش بوو.

ئەنجامی كۆتایی بەمشێوەیە بوو.

١-یانەی شۆڕش ٢٧ خاڵ، ٢-یانەی بابەگوڕگوڕ١٧ خاڵ، ٣-یانەی سۆلاڤی نوی ١١ خاڵ، ٤-یانەی ئاشتی ٥ خاڵ.






## له هاوینه هەواری شێرەسوار خێوەتگەی دێدەوانی هاوینه بەڕێوەچوو

به ئامادەبوونی سەفین دزەیی وەزیری پەروەردەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی گشتی هەولێر، له هاوینه هەواری شێرەسوار خێوەتگەی دێدەوانی هاوینه، که به خولی (سەرکردایەتی) ناسراوه بۆ مامۆستایانی پەروەردەکانی سنووری پارێزگای هەولێر، بەبەشداری هەریەك له پەروەردەکانی (هەولێر، خەبات، رواندز، سۆران، شەقڵاوه، مێرگەسۆر، مەخمور، دەشتی هەولێر، چۆمان، کۆیه) ئەنجامدرا، له خولەکەدا له هەر پەروەردەیەك هەشت مامۆستا بەشداریکردبوو و ماوەی چوار رۆژی خایاند، رۆژانه وانەکانی خولەکان به هەردوو شێوازی تیۆری و پراکتیکی له لایەن مامۆستایانی پسپۆڕ بابەتەکانی وانەکان دەگوترانەوه، وانەکانیش ئەمانه بوون، (هونەرەکانی دێدەوانی، ئامانجەکانی دێدەوانی، بابەتی کۆمەڵایەتی، زانستی دەروونناسی، بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان،پشکنین، وەرزشی بەیانیان)، جگه لەوەش چەندین چالاکی جۆراو جۆر ئەنجام درا.

## پاڵەوانێتی تیروکەوانی یانەکانی سلێمانی بەڕێوەچوو

له پارکی ئازادی شاری سلێمانی به سەرپەرشتی یەکێتی تیروکەوانی لقی سلێمانی و به بەشداری هەریەك له یانەکانی (سیروانی نوێ، سلێمانی، پێشمەرگەی سلێمانی، نەورۆز، سەرچنار، بەختیاری، کلدان) پاڵەوانێتی تیروکەوانی یانەکانی شاری سلێمانی بەڕێوەچوو و ماوەی یەك رۆژی خایاند، لەم پاڵەوانێتییه یانەی سلێمانی توانی پلەی یەکەم به دەستبهێنێت دوای رکابەرییەکی بەهێز لەگەڵ یانەکانی پێشمەرگەی سلێمانی و کلدان.

**ئەنجامی کۆتایی پاڵەوانێتییەکه بەمشێوەیه بوو.**

١-یانەی سلێمانی، ٢-یانەی پێشمەرگەی سلێمانی،٣-یانەی کلدان.

**ئەنجامی تاکی یاریزانان**

١-عیماد ئازاد یانەی سلێمانی، ٢-هۆشمەند ئەحمەد پێشمەرگەی سلێمانی، ٣-بڕوا سەلام یانەی کلدان.

